## شێوازی توێژینەوە و ڕێنوێنی بۆ "ڕاپرسی بۆ ڕۆژهەڵات"

"ڕاپرسی بۆ ڕۆژهەڵات" توێژینەوەیەکی کوانتیتاتیڤە (چەندایەتی) بۆ تێگەیشتن لە راستییەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگەی کۆمەڵێک پرسیاری جۆراوجۆرەوە لە چوارچێوەی ڕاپرسییەکدا. بۆ کارەکەی ئێمە، دامەزراندنی بەستێنێکی داتا-تەوەر بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو سەبارەت بە بیاڤی کۆمەڵایەتی-سیاسی کوردستان زۆر پێویستە. لە ڕوانگەی ئێمەوە باشتر وایە گوتارەکان بۆ پێکهێنانی هەر گریمانەیەک لەمەڕ خواستەکانی گەلی کورد بۆ داهاتوویەکی دادپەروەرانە و پێشکەوتنخوازانە لە واقعییەتگەلێک هەڵێنجرێن کە ئیمکانی پێوانەکردنیان هەبێت. ئێمە ئیدیعای گشتاندنی (ئەم توێژینەوەیە بەسەر کۆی گرووپی مرۆیی کورددا) ناکەین و وەها ڕوانگەیەکیش پەبەلامانەوە پەسەند نییە. بەڵام لەو باوەڕەداین کە ئەم توێژینەوە بە ئاستێکی بەرزی وردبینییەوە بەڕێوە چووە کە لەسەر پێی شێوازەکانی بانگهێشتی بەشداربووان و لۆژیکی ڕەچاوکراو بۆ تێکهەڵپێکانی -پرسیارەکان- ڕاوەستاوە.


لە نەبوونی ئیمکانی دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆ بە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نمونەگرتن و دوواندنی بەهەڵکەوت، ئێمە چەند ڕێکارێکی تەواوکەرمان گرتەبەر کە بەگشتی لە ڕاپرسییە بانهێڵییەکاندا باون. ئێمە شێوازی نمونەگرتنی بەهەڵکەوت و تۆپەڵە بەفرینمان تێکەڵ کرد بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی فرەچەشنیی بەشداربووان لە ڕووی کۆمەڵایەتی، تەمەنی، شاری-گوندی و ئاستی خوێندەوارییەوە بەرز بکەینەوە. لە سەرەتادا ڕاپرسییەکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بە هۆی تۆڕێکی بەرفراوان لە خۆبەخشەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەسەر شار و گوندەکاندا دابەش کرا. دواتر داوامان لێیان کرد، لە ڕێگەی بەهەڵکەوت و ڕاستەوخۆوە بڵاوی بکەنەوە و هەرکات کەسێک لە هاوشاری و هاوگوندییەکانیان بەبێ ئەوەی بزانن کەسی دابەشکەر لەسەرەتاوە یارمەتیدەری خۆبەخشی ئێمە بووە ڕاپرسییەکەیان بۆ بنێرێتەوە یان ئەگەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تێلێگرام و واتسئاپدا چاویان پێی کەوتەوە ئاگادارمان بکەنەوە. دوای ئەم قۆناغە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە بەرفراوانی دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕاپرسییەکە. ئێمە بە ئانقەست خۆمان لە ڕیکلامکردن لە کەناڵە هەواڵنێرییەکان یان چالاکانی پڕلایەنگر پاراست. ئەم سیاسەتەمان بۆ ڕێگرتن لە هاوچەشن بوونی بەشداربووەکان (فرەچەشن کردنی لایەنگرییە سیاسییەکانی بەشداربووان) گرتەبەر.

ئەم هەنگاوە تەواوکارانە بەتەنیشت کۆدگەلی سنووردارکەر و چاودێریی چڕ بۆ ڕێگرتن لە بەشداریکردنی چەندجارە، هێرشە سایبێرییەکان، بەشداریکردنی ڕێکخراو و ساختەکاری لە کاردا بوون. ئێمە چۆنایەتیی توێژینەوەکە و مۆدێلی دابەش بوونەکەمان لە بەرزکردنەوەی ژمارەی بەشداربووان بەلاوە گرنگتر بووە. ئێمە لەوە تێدەگەین کە بە سەرنجدان بەو کەشە ئەمنییەی کە حکوومەتی ئێران خوڵقاندوویەتی، بەشداری پێکردنی خەڵکی زیاتر کارێکی قورسە کە پێدەچێ کێشەگەلی چاوەڕوان نەکراو بخاتەوە. بە هەمووو ئەوانەشەوە بڕیارمان داوە لە داهاتوودا ژمارەی بەشداریکەران زیاتر بکەین و هەڵی دابەشکردنی یەکسان بەسەر بەشداربوواندا بە گوێرەی ڕەگەز، مەیلە جنسییەکان و شێوەزاری کوردیی بەشداربووان دەستەبەر بکەین. مۆدێلی زۆر سەرکەوتووی دە کار کراو لەم توێژینەوەیەدا فرەزمان بوونەکەیەتی کە لە داهاتوودا فراوانتریش دەکرێتەوە. ئەم تایبەتمەندییە لەم توێژینەوەیەدا ئەو هەلەمان بۆ دەرەخسێنێت هەتا زانیاریگەلێکی زیاترمان بە پێکگرتنەکانیان دەست کەوێت کە یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر و زیاتر لە بەستێنە کۆمەڵایەتییەکان و کارتێکەرە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. (مەبەست بەدەست هێنانی مۆدێل و پەیوەندیگەلێکی ئامارییە کە توانایی ئەوەمان پێ دەدات پەیوەندیگەلێکی کۆیی یان پاژەکیی داتایی لەنێوان گرووپە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، مرۆیی و زمانییەکان و هتد، لەگەڵ ڕەفتار و سەرچەشنە سیاسییەکاندا پێک بهێنین. داڕشتنی توێژینەوەیەکی چەند زمانی لە خۆی کارێکی قورسە، بەڵام یارمەتیمان دەدات زانیاریی قووڵترمان سەبارەت بە کوردستان دەست کەوێت. بە کەڵک وەرگرتن لە وەها مۆدێلگەلێک، ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دەربڕینی مێدیا پەسەند، پرۆپاگاندایی و پۆپۆلیستی دەبوێرێ و سەرنجی خۆی لە سەر شرۆڤەی گوتاری کۆمەڵگەی کوردستانی و داهاتووی بەر دەم ڕۆژهەڵاتی کوردستان چڕ کردۆتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی داڕشتنی ئەم ڕاپرسییە کە لە پرسی ژنان و کەمینە ڕەگەزییەکانەوە هەتا بابەتگەلێکی وەک ئایین و زمان و سیاسەت لە خۆ دەگرێت، مۆدێلەکانی دەستڕاگەیشتن بە هاوپەیوەندایەتییەکان، گریمانەکان و مۆدێلەکانی شرۆڤە کردن بۆ تێگەیشتن لە پرسگەلی پەیوەندیدار بە داگیرکاری (کۆلۆنیالیزم)، بەشداریی سیاسی، ڕەوتەکانی یەکسانسازی (ئاسیمیلاسیۆن)، خوێندەواری لە زمانی کوردیدا و نایەکسانی/کەلەبەرە ڕەگەزییەکانە.

ئێمە بۆ ئەم توێژینەوەیە، دامەزراندنی ئەم پلاتفۆرمە، ڕاکێشانی سەرنجی بەشداریکەران، دابەشکردنی فۆرمەکان، وەرگێڕان و کارەکانی تر پشتمان بە کاری خۆبەخشانە و بەکۆمەڵ بەست. هیچ چەشنە یارمەتییەکی داراییمان لە هیچ دامودەزگایەکەوە لە هیچ کام لە قۆناغەکانی

ئەم کارەدا وەرنەگرتووە. سپاسداری هەر کەسێکین کە یارمەتیی ئێمەیان کردووە. ئەم توێژینەوەیە تەنیا بە کاری خۆبەخشانەی گەلێک کەس مومکین بووە کە کاتی پشوو و ژیانی تایبەتیی و پسپۆڕایەتیی خۆیان لەپاش ڕۆژە درێژە کارییەکانەوە بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە. سڵاو دەنێرین بۆ تەواوی بەشداربووانی ئەم ڕاپرسییە کە دەستەگیرۆی ئێمە بوون بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکتان پێشکەش بکەین کە لە شانی کات و حەوسەڵەی ئێوەدا بێت. بەبێ ئێوە ئەم کارە سەری نەدەگرت. ئێمە هیواداریین توێژینەوەگەلی باشتر، کاملتر، ڕێکوپێکتر و بەرگیرتر لە ئاخێوەرانی شێوەزار و لقە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی لە داهاتوودا پێشکەشتان بکەین.


| | | |
|---|---|---|
| **3158** | **submissions** | |
| **2123** | **Sorani Kurdish** | **67.2%** |
| **898** | **Farsi** | **28.4%** |
| **137** | **English** | **4.3%** |





لە کۆی ٢١٢٣ فۆرمی هەناردراو بە زمانی کوردی، ١٩٨٨ کەس مەرج و ڕێساکانی ئێمەیان پەسەند کردووە بۆ بەشداریکردن لەم ڕاپرسییەکەدا. ئەم ژمارەیە لە فۆرمە ڕەوانەکراوەکاندا بە زمانی فارسی ٧٩٩ کەسە، و لە فۆرمە ڕەوانەکراوەکاندا بە زمانی ئینگلیزی ١٣١ کەسە. کەواتە ئەم ڕاپۆرتە بە گشتی ڕەنگدەرەوەی دەنگی ٢٩١٨ بەشداربوو دەبێت.


بەهۆی دەست ڕاگەیشتنی ئێمە بە تۆڕێکی بەرفراوان لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەزقەزا بەشی هەرە زۆریان لە بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوەن کە کوردیی سۆرانی شێوەزاری زۆرینەیان پێک دەهێنێت، توانیویانە ڕاپرسییەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بگەیەننە بەشدار بووەکان. هەر ئەوە هۆکار بووە بۆ ئەوەی ڕەچاوکردنی گرووپە جیاوازەکان لە بڵاوکردنەوەی ڕاپرسییەکەدا بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بەڕێوە بچێت.

ڕێژەی سەدیی بەشداربووانی نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و/یان لە ناوخۆی ئێران لەچاو بەشداربووانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران (جیاوازی ناوچەی کاتی و زانیارییە بەردەستەکانی تری ئێمە، بۆ وێنە ئەوکات و ساتە دیاریکراوانەی لە هەر بەشێک لە دنیاوە بەپێی جوگرافیا فۆرمەکانی ڕاپرسییەکەیان پڕ کردۆتەوە، هەڵی فیلتەر کردن و سڕینەوەی داتا نادەقیقەکانیان بۆ ئێمە لەبارتر کرد.




٦٦٪ی کۆی بەشداربووان کە ڕاپرسییەکەیان بە زمانی کوردی، فارسی یان ئینگلیزی پڕ کردۆتەوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یان لە شارێکی ئێران دەژین. ٢٤,٥٧٪ لە ئورووپا و ٩,٤٣٪ لە ئەمریکای باکوور و شوێنەکانی تری جیهان لەم ڕاپرسییەدا بەشدارییان کردووە.







ڕێژەی ئەو بەشداربووانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان شارێک لە ئێران لە ڕاپرسییەکەدا زۆر لە بەشداربووانی دانیشتووی دەرەوەی ئێران زیاترە. ئەگەرچی ئایدیاڵترین ڕێژەی هەمبەرکێ ٨٥٪ بە ١٥٪ دەبێت، ئێمە ژمارەی بەشداربووەکان دەکەینە بنەمای وێناکردنەکانمان نەک ڕێژەی دابەشبوونی بەشداران لە ناوخۆ و دەرەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارگەلی وەک دەست ڕانەگەیشتن بە ئینتەرنێت، ترسی بەشێک لە خەڵک لە بەشداری کردن لە هەرچەشنە ڕاپرسییەکدا کە ترس لە سیستەمە ئەمنییەکان یەکێک لە هۆکارەکانییەتی. بەو حاڵەشەوە وردبینیی ڕاپرسییەکەی ئێمە بە ئاستێکی باش بەرزە. بەگوێرەی ئەم ڕوون کردنەوانە ئاستی وردبینیی ئەم ڕاپرسییە لەمەڕ ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی سۆرانی ئاخێوی کوردستان ٧٧,٦٤٪ە.


لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بەپێی دابەشبوونی بەشداربووەکان بەسەر پارێزگاکاندا و هەروەها ئاستی چڕیی دانیشتووانی کوردستان، وێنای ئێمە لە جیاوازییە فکرییەکان لە بەشی سۆرانی ئاخێوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر وردبینانەیە، لە حاڵێکدا ئێمە وەها ئاستێک لە وردبینیمان لە بەراوەرد کردنی جیاوازیی ڕوانینەکان لە بەشی گۆرانی ئاخێو و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. بەهەر حاڵ ئەم ڕاپرسییە ڕوونکەرەوەی تایبەتمەندیگەلێکی زۆر گرنگی ئەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەتوانرێ لە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو و توێژینەوە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکاندا کەڵکیان لێ وەربگیرێت.

بۆ نموون بە پێکگرتنی شێوەزاری دەکار راوی زۆرینەی بەشداربووان، بەشداربووانی پارێزگای ئیلام و کرماشان کە ٢٣,٦٪ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنن، تێبینی دەکەین کە نزیکەی نیوەیان سۆرانیيان وەک زمانی کوردیی سەرەکیی خۆیان هەڵبژاردووە. ئەم زانیارییانە پێمان دەڵێن کە ئەو بەشداربووانە لە باکووری پارێزگای کرماشانەوە بەشدارییان کردووە. بەو پێیە، بۆ وێنە لە ڕێگەی شێوازەکانی پێکگرتنی دوولایەنەی زانیارییە گشتییەکانەوە ئەوە دەردەخەن کە بەبێ ڕەچاوکردنی ناوچە، شێوەزار یان ئاییی زاڵ، حەزی خوێندن بە زمانی کوردی لە هەموو ئاستەکاندا بۆ تەواوی بەشداربوانی ئەم ڕاپرسییەن یەکێکە.


**ڕێژەی بەشداربووانی سۆرانی ئاخێو بەگوێرەی پارێزگاکان**



**ڕێژەی ئەو بەشداربووانەی کە کەڵکیان لە زمانی فارسی وەرگرتووە، بەگوێرەی پارێزگاکان**




**ڕێژەی ئەو بەشداربووانەی کە کەڵکیان لە زمانی ئینگلیزی وەرگرتووە، بەگوێرەی پارێزگاکان**





٥٠٢ کەس کرماشان- ئیلام-شوێنەکانی تر- ٢٣,٦٪ی کۆی گشتی
٣٦٨ کەس شێوەزارەکانی کوردیی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شێوەزاری گۆرانی.   ١٢,٦٪ی کۆی گشتی
٨٨ کەس شێوەزاری کورمانجی. ٣٪ لەکۆی گشتی

**دابەشبوون بەپێی تەمەن**


بەراوەرد کردنی داتا بەدەست هاتووەکان لەم ڕاپرسییەدا لەگەڵ ژمارە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاماری ئێران لە بواری دابەشبوونی تەمەنییەوە ئاستی بەرزی وردبینیی ئەم ڕاپرسییەمان پێشان دەدەن. ئەم بابەتە یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ئیدیعای ئەم ڕاپرسییە سەبارەت بە دابەشکردنی گونجاوی فۆرمەکانیەتی لەنێوان گرووپە جیاوازە تەمەنییەکانەوە.

توێژینەوەکە ئاستێکی بەرزی وردبینی لە وێناکردنی گروپە تەمەنییەکانی بەشداربووان بە بەراورد لەگەڵ ئەو گروپە تەمەنییەی کە لە لایەن نووسینگەی سەرژمێری ئێرانەوە بە پشتبەستن بە ڕێژەی سەدی ڕاگەیەندراوە، نیشان دەدات.  ئەمەش توخمێکی دیکەیە لە ئارگومێنتەکەماندا کە سەرەڕای کەمیی ژمارەی بەشداربووان، توانیومانە بە شێوەیەکی گونجاو بگەینە کەسانی هەموو گروپە تەمەنییەکان.


### کوردی




### فارسی





### ئێنگلیزی




### بەشداریکردن لەسەر بنەمای ڕەگەز:

٦٠٢ کەس یان ٢٠٪ی بەشداربووەکان خۆیان وەک ژن ناساندووە.  تەنها ١٥ کەس "ڕەگەزەکانی تر"یان هەڵبژاردووە، و ٢٠٣١ کەس وەک پیاو ناسێنراون، کە ٨٠٪ کۆی گشتیی بەشداربووەکان بە تێکەڵکردنی هەموو زمانەکان پێک دەهێنن.


### کوردی





### فارسی






### ئینگلیزی



## کار








٥٠٪ کاری تەواو وەخت
١٣٪ کاری نیوە وەخت
٩,٨٪ بێکار
٤,٢٪ کاری وەرزی
٣,٨٪ خانەنشین
٢,٦٪ دایک و باوکی تەواو وەخت
٦٪ سەرباز


لە ناوچە جیاوازەکان بە هاوکاریی هاوکارەکانمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکگەلی ناوچە گوندییەکان لە بەشی سۆرانی ئاخێودا پەیوەندیمان کرد. زۆر لە وەرزێران خۆیان بە کرێکاری وەرزی دەزانی. بۆ دڵنیا بوون داوامان لە هاوکارە ناوخۆییەکانمان کرد بە هەناردنی لینک بۆ ناسیاوەکانیان لە گوندەکان یارمەتیمان بدەن. دواتر پێمان وتن ئەگەر ناسیاوەکانتان وا لینکەکانیان وەرگرتووە جارێکی تر لە لایەن کەسێکی ترەوە لینکەکەیان پێگەیشت یان لە کەناڵە تێلێگرامییەکانی گوندەکەیاندا چاویان پێی کەوت ئاگادارمان بکەنەوە. دابەش کردن بەم شێوەیە ئاستێکی بەرزی لە وردبینی لە رووی دەست راگەیشتنی گرووپە مرۆییە جیاوازەکانی مەبەستی راپرسییەکەدا دەبێت.

**ئاستی خوێندەواری**


**کوردی**




**فارسی**



**ئینگلیزی**





بەربڵاوی و دابەشکاری لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندەواری لە داتا بەدەستهاتووەکانی ئەم ڕاپرسییەدا دەرخەری ئاستی بەرزی وردبینیی لە نوێنەرایەتیکردنی گرووپە جیاوازەکاندایە. . ئەمەش ئەو مافە بە ئێمە دەدات کە ئیدیعا بکەین بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە توانیومانە ڕاو و بۆچوونە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانی ئەو کوردانەی توانایی قسەکردنیان بە شێوەزاری سۆرانی هەیە لە ڕۆژهەڵاتدا بەدەست بهێنین. بەو پێیە، مۆدێلێکی سەرنجڕاکێش کە لە خوێندنەوەی ژمارە بەدەستمان کەوتووە، دەرخەری ئەوەیە کە توانایی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئاستی خوێندەواریی کەسی سۆرانی ئاخێوەوە نییە، کە لە بەشی پەیوەندیدار بە زمانی کوردی باسی لەسەر دەکەین. بە کورتی بەگوێرەی داتاکانی ئەم توێژینەوەیە ئاستە خوێندەوارییەکانی (بەکالۆریۆس، ماستەر و دوکتۆرا) مەرج نییە بە واتای توانایی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.


### سەرچاوەکانی هەواڵ

ئەم ژمارانەی خوارەوە، وێڕای دەرخستنی سەرچاوەکانی دەستڕاگەیشتنی بەشداربووان بە هەواڵ، دەرخەری جیاوازی و لێکچوونەکانن لەنێوان ئەوانەدا کە ئەم راپرسییەیان بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی پڕ کردۆتەوە.


#### کوردی




#### فارسی




### ئینگلیزی






تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی زیاترین کەڵکیان وەک سەرچاوەی هەواڵ لەناو بەشداربووەکاندا لێ وەردەگیرێت. بەم حاڵەشەوە، سەرچاوە فارسییەکانی هەواڵ بە رادەیەکی بەرچاو کەمتر لەلایەن کەسانێکەوە کەڵکیان لێوەردەگیرێت کە راپرسییەکەیان بە زمانی کوردی پڕ کردۆتەوە. بەتایبەتی کەناڵ تلڤیزیۆنییەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدوای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پاش کاناڵە تلڤیزیۆنییەکانی باشووری کوردستان گەورەترین سەرچاوەی هەواڵن بۆ ئەو کەسانە کە بە زمانی کوردی راپرسییەکەیان پڕ کردۆتەوە. ایران اینترنشنال لە پلەی سێهەمدایە. دەبینین کە کاناڵی تلڤیزیۆنیی (منوتو) بۆ ئەو کەسانە تەنانەت لە پلەیەکی خوارتر لە تلڤیزیۆنە حکوومەتییەکانی ئێراندایە. بەو پێیە کە زۆرینەی بەشداربووان کوردی سۆرانی ئاخێون، ئەم ژمارانە دەرخەری نوێنەرایەتی نەکردنی مێدیا فارسییەکان و هەروەها رەهەندە پێوانەهەڵگرەکانی ئاسیمیلاسیۆن و پەیوەندیی ئاستی بکەر بوون و زاڵ بوون بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدایە. بە واتایەکی تر، ئەو بەشداربووانەی کە زمانی فارسییان هەڵبژاردووە بە رێژەیەکی بەرچاو زیاتر لە تلڤیزیۆنی ایران اینترنشنال لەچاو کاناڵە کوردییەکان وەک سەرچاوەی هەواڵ کەڵک وەردەگرن. لەو رووەوە کە ئەو کاناڵانە خاوەنی پارادایمێکی سیاسیی تەواو جیاوازن، دەتوانین ئەو ئیدیعایە بکەین کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لەنێوان ئاستی زاڵ بوون بەسەر زمانی کوردی و لێ تێگەیشتنی لەگەڵ روانگەی سیاسی سەبارەت بە کێشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان. هەروەها، بەگشتی و لەنێوان هەموو گرووپەکاندا جۆرێک لە بێ متمانەیی بە کاناڵی تلڤیزیۆنیی (منوتو) دەبینین.

**پرسیارەکان سەبارەت بە ئایین و ئایینی سیاسی**


ڕێژەی کەسانی ئایینی و نائایینی لەنێوان گرووپە جیاوازەکاندا یەکسانە. بەگوێرەی فۆرمە سۆرانی، فارسی و ئینگلیزییەکان، ئەوانەی خۆیان وەک ئایین باوەڕ پێناسە کردووە ١٠٪، ٩٪ و ٦٪ و لەکۆی گشتیدا ٩,٦٪ی تەواوی بەشداربووەکان پێک دەهێنن.









لەناو گرووپە جیاوازەکاندا زۆرینەی رەها باوەڕیان بە جیایی ئایین لە دەوڵەت هەبووە. بیروباوەڕی ئایینی شتێکی کەسانەیە و دەوڵەت مافی دەستتێوەردانی لە باوەڕە ئایینیەکانی شارۆمەنداندا نییە و نابێ لایەنگری لە باوەڕێکی ئایینی تایبەت بکات. ئەم راپرسییە دەریدەخات کە تەنانەت کوردە مەزهەبییەکانیش باوەڕیان بە جیایی تەواوی دین لە دەوڵەت هەیە.








وەڵامی زۆرینەی بەرچاوی بەشداربووەکان بە پرسیاری سەبارەت بە دابینکردنی دارایی دامەزراوە ئایینییەکان، بەرگری لەم بۆچوونە دەکات کە "بوودجەی دامەزراوە مەزهەبییەکانی وەک مزگەوتەکان، بنکە ئایینییەکان و مەلاکان و هتد، نابێ لەلایەن حکوومەت و دامودەزگا حکوومەتییەکانەوە بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یان لە رێگەی باجی شارۆمەندانەوە دابین بکرێت". جۆری وەڵام لە گرووپە جیاوازەکاندا هاوشێوە بوون. ئەنجامەکان هەروەها سەلمێنەری ئەم هەقیقەتەن کە تەنانەت ئەوکەسانەی خۆیان بە رادەیەک مەزهەبی دەزانن هاوڕا بوون لەگەڵ دابین نەکردنی دارایی دامەزراوە ئایینییەکان لەلایەن دەوڵەت یان باجەوە، یان لانیکەم لارییان لێ نییە. ژمارەکان هەروەها پێشان دەدەن رێژەیەکی یەکسان لە خەڵکانی مەزهەبی ناتەبان لەگەڵ پێدانی بوودجە بە دامەزراوە ئایینییەکان.












## ژن و یەکسانیی ڕەگەزی


لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا بەشداربووەکان بڕوایان هەیە بە یەکسانیی ڕەگەزیی تاکەکان بەبێ ڕەچاوکردنی حەزە جنسییەکانیان، زۆرینەی ڕەها بەبێ ڕەچاوکردنی زمانی هەڵبژێرداویان -بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان- پشتیوانیان لەم بابەتە کردووە. تێکڕای ڕێژەی ناتەباکان ٣٪ و نزیک بە ٩٪ بۆچوونێکیان لەو بارەوە نییە.
ئەم ئەنجامانە پێمان دەڵێن کە ڕێژەیەکی بەرزی ئەو کەسانە کە لە کوردستان خۆیان وەک مەزهەبی دەناسێنن، بڕوایان بە یەکسانیی ڕەگەزی هەیە.








سەبارەت بە گوزارەی "ئەوە ژنان خۆیانن کە سەروەرن بەسەر جەستەی خۆیاندا"، داتاکان ئاماژە بە یەکدەنگیی ڕەها لەنێوان بەشداربووەکاندا دەکەن، بەبێ ڕەچاوکردنی باوەڕە ئایینییەکان و زمانی هەڵبژێردراویان.












پەیوەندیی سێکسی بەبێ هاوسەرگیری بابەتێکی کەسانەیە (شەخسی) و پەیوەندییەکی بە حکوومەت و کۆمەڵگەوە نییە. ڕێژەی بۆچوونەکانی بەشداربووان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم باسەدا:

**کوردی**: ١٠٪ ناکۆک بوون، ٩٪ هیچ بۆچوونێکیان نە بوو، ٨٣٪ هاوڕابوون
**فارسی**: ٧٪ ناکۆک بوون، ١٠٪ هیچ بۆچوونێکیان نە بوو، ٨٣٪ هاوڕابوون
**ئینگلیزی**: ٥٪ ناکۆک بوون، ٤٪ هیچ بۆچوونێکیان نە بوو، ٩١٪ هاوڕابوون

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان مەزهەبی بوون و جۆری وەڵام دانەوە بەم پرسیارەدا هەیە. داتاکان دەریدەخەن کە ٨٤٪ ناکۆکەکان لەنێو ئەو کەسانەدا بوون کە خۆیان وەک مەزهەبی پێناسە کردووە.












**ڕێژەکانی بۆچوونەکانی بەشداربووان لەمەڕ ئەم گوزارەیە گۆڕانکاریی بەرچاویان بەسەردا هات:**


هەر چەشنێک لە توندوتیژیی جەستەیی، زمانی، ڕەوانی، جنسی و ... بە دژی ژنان بە هەر پاساوێکەوە کە بێت دەبێ قەدەغە بکرێت.
لەنێوان گرووپەکاندا زۆرینەی ڕەها ٩٨٪ پشتیوانییان لە ڕووبەڕووبوونەوەی یاسایی لەگەڵ توندوتیژی لە دژی ژنان کرد.








گوزارەی "بەشداریی سیاسی مافی هەر مرۆڤێکە بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەزەکەی" لەلایەن زۆرینەی ڕەهای بەشداربووانەوە بەبێ ڕەچاوکردنی ڕوانگە مەزهەبییەکانیان پشتیوانیی لێکرا.








ئێمە ئەم داتایانە کە بەدەستمان هێناون، بە سەرنج دان بەو راستییانەی کە لە بوارەکانی مەیلی مەزهەبی، مافەکانی ژنان وەک مافی هەڵبژاردنی جلوبەرگ، مافی بەشداریی سیاسی و خۆسەروەری بەسەر جەستەدا، زۆر بە وردبینانە دەزانین. جیا لەوەش ئەم داتایانە پشت راستکەرەوەی هەر ئەوە شتەیە کە لە چەند مانگی رابردوودا لە نێو راپەرینە بەرفراوانەکانی خەڵکدا، هەر بە هەمان شێوەی ئازادییە تاکەکەسییەکان و جیایی دین لە حکوومەت بینیومانە. لە کۆتاییدا یەکێک لەو سەرنجراکێشترین ئەنجامانە کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدەست هاتوون، ئاستی پێشکەوتنخوازبوونی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە سەبارەت بە پرسی رەگەز. ئەم راپرسییە رەنگدەرەوەی تەواوی ئەو دەنگانەن کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و نارەزایەتییەکانی سەر شەقامەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەر گوێمان کەوتوون، ئەوەی کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان رژێمێکیان ناوێ کە دەست لە ئازادییە کۆمەڵایەتی، سیاسییەکان و هەڵبژاردنە تاکەکەسییەکان و بواری باوەڕی ئایینی وەربدات.


بەشی خوارەوە سەبارەت بە بۆچوونی بەشداربووەکان سەبارەت بە زمانی کوردی، مافی کورد بۆ خوێندن بەم زمانە، روانگەیان سەبارەت بە زمانی فارسی و پرسی هەڵاواردنی زمانییە لە کوردستان. لەم بەشەدا پشتمان بە روانگە جیهانییەکان سەبارەت بە زمان بەستووە، وەک ئەوە کە چۆن زمانێک گەشە دەکات یان لەناو دەچێت و یان ئەوە کە مانای زمانی نێونجی چییە و زمانناسەکان چۆن پێناسەی دەکەن. بە مەبەستی خوڵقاندنی بەسێنێکی پشت ئەستوور بە زانیاری، ئێمە دەبوا لقی زمانی کوردیی کەسی بەشداربوو بزانین. ئەو شێوەزارەی زمانی کوردی کە قسەی پێدەکەی کامەیە (بەسەر کام شێوەزاری کوردیدا زاڵتری)؟





٩٠٪ی ئەوانە کە بە کوردیی سۆرانی راپرسییەکەیان پڕ کردۆتەوە، خۆیان سۆرانین. ٣,٧٪ گۆرانی، ٢٪ کەلهوڕی، ٢٪ کورمانجی، ٢,١٪یش شێوەزارەکانی تر و کەمتر لە ٠,٥٪یش لەکین. ئەم داتایانە پێمان دەڵێن کە سەرەڕای ئەوەی کە ١٠٪ی ئەو کەسانەی زمانی کوردیی سۆرانییان بۆ بەشداری لە راپرسییەکەدا هەڵبژاردووە خۆیان سۆرانی نین. ئەگەرچی دەیانتوانی زمانی فارسی هەڵبژێرن بەڵام شارەزایی پێویستیان لە کوردیی سۆرانیدا هەبووە و ئەویان هەڵبژاردووە.






لەنێو ئەو کەسانەدا کە زمانی فارسییان وەک زمانی راپرسییەکە هەڵبژاردووە، رێژەی ئەو کوردانە کە زمانیان غەیری سۆرانییە بەرز بوونەوەیەکی بەرچاوی ٣١,٥٪ بە ١٠٪ ی پێوە دیارە کە ئەوەش سروشتییە. رێژەکان بریتی بوون لە: ١١,٥٪ کەلهوڕی، ٥,١٪ گۆرانی، ٤,٥٪کورمانجی، ٢٪لەکی و ٧,٤٪یش شێووەزارەکانی تری زمانی کوردین. بەم حاڵەوە ٦٩,٥٪ی ئەو کەسانە خۆیان وەک سۆرانی ناساندبوو، راپرسییەکەیان بە زمانی فارسی پڕ کردۆتەوە. هاوکات لەنێو ئەو کوردانەدا کە راپرسییەکەیان بە زمانی فارسی پڕ کردۆتەوە رێژەی ئەو کەسانە کە پلەی زانکۆیی وەک ماستەر و دوکتۆرایان هەبوو بەرزتر بوو. لە پێکگرتنی داتاکاندا دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە بە سیاسەتە زمانییە هەنووکەییەکان، ئاستی شارەزایی لە زمانی کوردیدا پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە خوێندنی زانکۆییەوە نییە. گەورەترین گۆڕانکاری لە ئاماری پەیوەندیدار بەو کەسانە بوو کە راپرسییەکەیان بە زمانی ئینگلیزی پڕ کردۆتەوە، رێژەی کوردەکانی کورمانج بوو کە ١٠,٧٪ بوون و لەچاو گرووپەکانی تردا بەربوونەوەیەکی بەرچاویان هەبوو.



له وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە "پەروەردە و فێرکاری هەتا چ ئاستێک و لە کامانە بواردا دەبێ بە زمانی کوردی بێت؟" یەکدەنگییەکی گشتی لەنێوان بەشداربووەکاندا، بەبێ ڕەچاوکردنی زمانی هەڵبژێردراویان بۆ ڕاپرسییەکە دەبین. دەبینین کە ڕێژەی بەشداربوان بە کوردی و ئینگلیزی لەو باوەڕەدان کە زمانی کوردی دەبێ لە هەموو ئاستەکاندا و لە گشت بوارەکاندا کەڵکی لێوەربگیرێت، زۆر لە یەک نزیکە ٨٨,٨٪. لەنێوان دوو گرووپی ئاماژە بۆکراودا تەنیا ٨,٧٪ لەو باوەڕەدا بوون کە کوردی تەنیا دەبێ لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیدا زمانی پەروەردە و فێرکاری بێت. بەم حاڵەشەوە ئەو ڕێژانە بۆ ئەو بەشداربووانە کە ڕاپرسییەکەیان بە زمانی فارسی پڕ کردۆتەوە بریتین لە: ٧٤٪ هەموو ئاستەکان، ١٤,٣٪سەرەتایی هەتا دواناوەندی و ٤,١٪ فێرکاری بە زمانی کوردی لە تەنیا قۆناغی سەرەتاییدا بە گونجاو دەزانن.








ئێمە پرسیارمان لە هەموو بەشداربووەکان بە هەرسێک زمانەکە لەم راپرسییەدا و بەتایبەتی بە زمانی کوردی کردبوو کە ئایا توانایی خوێندنەوە و نووسینیان بە زمانی کوردی هەیە و ئەگەر وەڵامەکە ئەرێیە، چۆن فێری بوون. ئەم پرسیارە بە شێوازێک دارێژرابوو کە ئەگەر بەشداربووی راپرسییەکە لە پرسیارەکە تێنەگەیشتبوایە پێمان پێشان دابوون کە دەتوانن بژاردەی "من بە زمانی کوردیی سۆرانی ناتوانم بخوێنمەوە و بنووسم" هەڵبژێرن.

ئەم ژمارانەی خوارەوە هی ئەو کەسانەن کە راپرسییەکەیان بە زمانی کوردی سۆرانی پڕ کردۆتەوە. ٧٥,٧٪ خۆیان خۆیانیان فێری کوردی کردووە. ١١,٤٪ لە فێرگە تایبەتەکان و ٧,٩٪ لە دایک و باوکیانەوە. ئەم زانیارییانەی دوایی دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامە کە زۆرینەی کەسانێک کە لە ٥٠ ساڵی رابردوودا لەدایک بوون یان بەهۆی باوانێکەوە پەروەردە کراون کە لە سەردەمی پەهلەویدا گەورە بوون، یان باوانێک کە لە سەردەمی پاش شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێران چوونەتە قوتابخانە، لە هەر دووک سەردەمەکەی حکوومەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا پەروەردە و فێرکاری بە زمانی کوردی بە توندی نەفی کراوە. دەستڕاگەیشتن بە کتێبە فێرکارییە کوردییەکانی بەر لە سەردەمی ئینتەرنێت زۆر ئەستەم بووە.


زمانی کوردی نە زمانی خوێندنە، نە تەنانەت بەشێکە لەو زمانانە کە فێرکاریی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی پێ بەرێوە بچێت. رەوتی ئاسیمیلاسیۆنی زمانی کوردی بە شێوەی بەردەوام لە ١٩٠٠ی زایینییەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بە خەستی لە ئارادا بووە. بەم حاڵەشەوە ئەو هەوڵە حکوومەتییانە لەلایەن چالاکانی بواری زمانی کوردی، تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵەکان، دەستراگەیشتن بە ئینتەرنێت و فێرگە تایبەتە نافەرمییەکان تووشی ئاڵنگاری کراونەتەوە.




لەم بەشەدا گۆڕانکارییەکی گەورە لە رێژەکانی نێوان ئەوانەی کە زمانی فارسییان بۆ راپرسییەکە هەڵبژاردووە دەبیندرێت. گەورەترین گرووپێک کە زمانە کوردییەکەیان سۆرانی نەبێت لێرەدان. ئامارەکان پێمان دەڵێن لەنێو ئەوانەدا شتێک زیاتر لە ٦٪ توانایی ئاخاوتن و نووسینیان بە زمانی کوردیی سۆرانی هەیە. لە بابەت ئامارەکانی پەیوەندیدار بەم پرسیارە لە داهاتوودا باسی زیاتر دێنینە ئاراوە و گفتوگۆی لەسەر دەکەین. بەو حاڵە ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە لەم گرووپەدا ٦١,٢٪ بەشێوەی خۆفێرکردە، ٥,٦٪ بە چوونە فێرگە تایبەتەکان و ٦,٦٪ لە باوانیانەوە فێری خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بوون و ٢٤,٩٪ خوێندنەوە و نووسینی سۆرانییان بە هیچ شێوەیەک نەزانیوە یان لە بنەڕەتەوە لە پرسیارەکە تێنەگەیشتوون.




٦١٪ی ئەو کەسانە کە راپرسییەکەیان بە زمانی ئینگلیزی پڕ کردۆتەوە، خۆیان خۆیانیان فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی کردووە. ١٣٪ لە باوان و ٣٪ لە فێرگە تایبەتەکان و ٣٪ لە قوتابخانە گشتییەکانەوە فێر بوون. بە سەرنجدان بەوە کە ٨٠٪ی ئەو بەشدار بووانە لە کوردانی دانیشووی دەرەوەی ئێران و ٧٥٪ سەر بە نەوەی دووهەمی رەوەندی کوردن یان لەو وڵاتانە گەورە بوون، دەشێ وەها ئەنجامگیری بکەین کە بەبێ رەچاوکردنی تایبەتمەندیی شوێنەکانیان و ئەوە کە سەر بە کام نەوەن، دەستڕاگەیشتن بە ئیمکانی فێرکاریی کوردی یەکێک لە ئاڵنگارییە بنەڕەتییەکانە. هەروەها دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە زۆرینەی کوردەکانی رۆژهەڵات بەبێ رەچاوکردنی شێووەزارەکانیان، خوێندن و نووسینی کوردی بەشێوەی خۆفێرکردە فێر بوون.





بۆ زیاترکردنی زانیارییەکانمان سەبارەت بە هەڵاواردنەکانی پەیوەندیدار بە مافی پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی لە خوێندنی فەرمیدا، دەبوا راپرسییەکەمان بە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە ببردایە. ئێمە لە هەوڵداین ئەم ئەرکە بە زووترین کات بەجێ بگەیەنین، بەتایبەتی ئەو توێژینەوانە کە دەبن بە هۆی فراوانتر بوونی زانیارییەکانی ئێمە سەبارەت بە شێوەزارەکانی کوردیی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان و شێوەزاری کورمانجی و گرفتەکانی پەیوەندیدار بەو شێوەزارانە.


**بابەتی زمانی نێونجی و لینگوافرانکا**


بۆ تێگەیشتنی باشتر لەو ئاڵۆزییانەی کە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵیاندا دەستەویەخەیە، ئێمە بۆچوونی بەشداربووەکانمان سەبارەت بە ئاستی بەربڵاویی زمان لە کوردستاندا پرسی. ئامارەکانی ئێمە دەریدەخەن کە خەڵک سیستەمێک بە باشتر دەزانن کە فرەزمانی بێت و هەلی دەستڕاگەیشتنی یەکسان بۆ شێوەزارەکانی زمانی کوردی دابین بکات. پرسیارەکانی خوارەوە بۆچوونی بەشداربووەکان لەم بارەوە پێشان دەدات.

ئەگەر رۆژهەڵاتی کوردستان وەک هەر وڵاتێکی دیموکراتیکی تر چ بگات بە سەربەخۆیی و چ لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا بمێنێتەوە، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە کام لقی زمانی کوردی پێکەوە پەیوەندی بگرن؟

زۆرینەی رەهای بەشداربووەکان لەو باوەڕەدا بوون کە کوردستان دەبێ فرەچەشنیی زمانیی خۆی بپارێزێت، بەجێی ئەوەی لە یەک یان دوو شێوەزاری کوردی وەک زمانی فەرمی کەڵک وەربگرێت.








بە ئاوڕدانەوە لەوە کە لە سەت ساڵی ڕابردوودا دەوڵەتە ئێرانییەکان خوێندن بە زمانی کوردییان قەدەغە کردووە و هاوکات سەرمایەگوزارییەکی چڕوپڕیان لەسەر زمانی فارسی وەک تاکە زمانی فێرکاری کردووە، پرسیار کردن لە بەشداربووەکان سەبارەت بە بۆچوونیان لەمەڕ زمانی فارسی بەلامانەوە زۆر گرنگ بوو. لەو ڕووەوە کە لە ڕوانگەی ئەکادیمیکەوە زمانی فارسی لە خانەی زمانی نێونجیدا جێ ناگرێت، بەو حاڵەشەوە ئێمە ئەویشمان بە تەنیشت چەمک و پێناسە زمانناسانە پۆست-کۆلۆنیالیستییەکانەوە خستە بەردەم بەشداربووەکان.
پێناسەی لینگوافرانکا یان زمانی نێونجی بەگشتی ئاماژەیە بە زمانێکی سێهەم کە زمانی هیچکام لەو لایەنانە نییە کە زمانیان هاوبەش نییە. بۆ وێنە زمانی ئینگلیزی لە زۆر وڵاتان زمانی نێونجییە بەبێ ئەوەی زمانی ڕەسەنی خەڵکەکەی ئینگلیزی بێت.


لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە "زمانی فارسی بەلای ئێوەوە چییە؟" ٤٩٪ی ئەو بەشداربووانە کە بە زمانی کوردی ڕاپرسییەکەیان پڕ کردبۆوە وەک زمانی بکوژ ناساندوویانە. (لە توێژینەوە پۆست-کۆلۆنیالیستییەکاندا، زمانی بکوژ زمانێکە کە بەهۆی یاسا و سیاسەتە حکوومەتییەکانەوە یان بەهۆی مێژووی داگیرکارانەی (کۆلۆنیالیستی) ئەو زمانەوە، دەبێتە هۆی مردنی زمانەکانی تر. ٣٧,٨٪ بە زمانی داسەپاویان زانیوە و ١٠٪ وەک زمانی هاوبەش پێناسەیان کردووە.




**بۆ ئەو کەسانە کە ڕاپرسییەکەیان بە زمانی فارسی پڕ کردۆتەوە وەڵامەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:**
٤١٪ زمانی فارسی بە زمانی نێونجی یان لینگوافرانکا زانیوە.
٣٠,٩٪ زمانی فارسی بە زمانی داسەپاو زانیوە.
٢٣,٧٪ وەک زمانی بکوژ ناساندیان.
شایانی سەرنجە کە بەشێوەیەکی زۆر زەق لەنێوان ئەو کەسانەدا کە ڕاپرسییەکەیان بە زمانی فارسی وەڵام داوەتەوە بەرزبوونەوەیەکی ٣١,٧٪ی بۆ ناساندنی زمانی فارسی وەک زمانی نێونجی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام هێشتا ٥٤,٦٪ لە بەشداربووەکان ڕوانینێکی ئەرێنییان بۆ زمانی فارسی نییە.




**بۆ ئەو کەسانەی ڕاپرسیەکەیان بە زمانی ئینگلیزی پڕ کردۆتەوە، ئامارەکان بەم شێوەیەن:**





بۆ تێگەیشتن لە ئاستی توانایی بەشداربووەکان لە ئەدەبیاتی کوردیدا، داوامان لێیان کرد تێگەیشتنی خۆیان لە بڕگەیەک لە شیعرێکی کوردی ڕوون بکەنەوە. ئێمە ئەو شیعرەمان بەهۆی ئەوە کە چەندین وشەی لە شێوەزارە کوردییەکان تێدا بوو، هەڵبژارد. بەرزترین ئاستی تێگەیشتن لەو شیعرە لەنێو ئەو بەشداربووانەدا بوو کە ئەو ڕاپرسییەیان بە کوردیی سۆرانی پڕ کردۆتەوە. بەو حاڵەشەوە لەنێوان ئەو کەسانەدا کە ڕاپرسییەکەیان بە زمانی فارسی پڕ کردۆتەوە، تێگەیشتنی گشتی لەو شیعرە لەنێوان باش هەتا زۆرباش دا بوو. لەنێوان ئەو بەشداربووانەشدادا کە ڕاپرسییەکەیان بە ئینگلیزی پڕ کردبۆوە ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن لەو شیعرەمان وەبەرچاو کەوت.

ئەم پرسیارەی خوارەوەمان سەبارەت بە زمانی کوردی لە بەشداربووەکانمان پرسی:
پێشکەوتن، بەهێزبوون و گەشەی زمانی کوردی تا چەندە بەلاتانەوە گرنگە؟
**لەنێوان ئەو کەسانەدا کە ڕاپرسییەکەیان بە کوردیی سۆرانی پڕ کردۆتەوە.** ٩٢,٦٪ ئەم پرسەیان وەک یەکێک لە پرسە بنەڕەتییەکانی نەتەوەی کورد نرخاندووە. ٧٪ بە پرسێکی گەورە بەڵام نەک بنەڕەتیان زانیوە. ٣٪یش وەک "شتێکی باشە بەڵام بۆ من گرنگ نییە"یان زانیوە. ڕێژەی سفر لە سەت وەڵامیان داوەتەوە "بە لامەوە هیچ گرنگ نییە" و سفر لە سەت "ڕایەکم نییە لەسەری". (گرافیکەکە دوو بژاردەی کۆتایی نیشان نادات چونکە هەردووکیان لە ٠٪ بوون.




**ژمارەکان بۆ ئەوکەسانە کە راپرسییەکەیان بە زمانی فارسی پڕکردۆتەوە بەم شێوەیەیە:**

٨٢,٥٪ وەک پرسێکی بنەڕەتیی نەتەوەی کورد، ١٢,١٪ وەک پرسێکی زۆرگرنگ بەڵام نەک بنەڕەتی، ٣,٣٪ بە "شتێکی باشە بەڵام بۆ من گرنگ نییە"و ١,٣٪ بە "بەهیچ شێوەیەک بە لامەوە گرنگ نییە" و ٠.٩٪ بە "هیچ رایەکم نییە" وەڵامیان داوەتەوە.




**ئاماری ئەو بەشداربووانە کە بە زمانی ئینگلیزی راپرسییەکەیان پڕکردۆتەوە:**

٨٩,٣٪ پرسێکی بنەڕەتییە و مافی نەتەوەی کوردە.
٦,٩ ٪ زۆرگرنگە بەڵام پرسێکی بنەڕەتی نییە.
١,٥ ٪ شتێکی باشە بەڵام بۆ من گرنگ نییە.
٠ ٪ بە هیچ شێوەیەک گرنگ نییە.
٢,٣ ٪ هیچ بۆچوونێک نییە.



لەم بەشەدا ئەوەی کە گومانمان لێ نییە ئەم خاڵەیە کە بەگشتی و بە لەسەر یەک کۆکردنەوەی تەواوی ئامارەکان، زۆرینەی رەهای بەشداربووان بە رێژەی ٩٢٪ لەوانە کە بە کوردی وەڵامیان داوەتەوە، ٨٢,٥٪ لەوانە کە بە فارسی و ٨٩,٣٪ لەوانە کە بە ئینگلیزی وەڵامیان داوەتەوە فێرکردن و گەشەپێدانی زمانی کوردی بە پرسێکی بنەڕەتیی و مافی نەتەوەی کورد دەزانن. خاڵی جێی سەرنج لە رووی ئامارییەوە ئەوەیە کە ١,٣٪ لەوانە کە بە فارسی وەڵامیان داوەتەوە بژاردەی "هیچ گرنگ نییە"یان هەڵبژاردووە سەرەڕای ئەوە کە ئەو ئامارە لەلای ئەو کەسانە کە بە کوردی و ئینگلیزی وەڵامیان داوەتەوە سفرە.

جۆراوجۆریی پرسیارەکانی ئەم راپرسییە هەلی خوڵقانی پەیوەندیی مانایی و دەقیق راستەوخۆ لەنێوان تەمەن، ئاستی خوێندەواری، هەڵکەوتەی جوگرافیایی، هۆگریی مەزهەبی، یەکسانیی رەگەزی، ئاستی زاڵ بوون بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا و روانگە سیاسییەکان دەخوڵقێنێت. بەلای ئێمەوە ئاشکرایە کە بابەتە گەلاڵە کراوەکان شیاوی ئەوەن کە هەر کام بە جیا خوێندنەوە و توێژینەوەی قووڵتریان لەسەر بکرێت.

بەو پێیە بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو پێویستیمان بە رستێک زانیاریی بنەڕەتی بۆ دارشتنی گریمانەگەلی گونجاو هەبوو. کەواتە بۆ دارشتنی بەستێنێکی زانیاریی گونجاو، بەڕێوەبردنی ئەم راپرسییە بۆ رایی کردنی توێژینەوە قووڵەکانی داهاتوو بە لامانەوە پێویست بوو. لەو رووەوە پرسیارگەلێکمان گەلاڵە کرد کە لەمەر ئاڵۆزکاوییە سیاسییەکانی ئەمڕۆی کوردستان بە مەبەستی خوڵقاندنی بەستێنێکی تیۆریک یارمەتیدەر بێت. پرسیارگەلێک لە چەشنی مافی خۆبڕیاردەری (مافی چارەی خۆنووسین) هەتا پەیوەندییە ناوخۆییەکانی نێوان حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئیمکانی یەکگرتنیان و ئەوە کە خەڵک سەبارەت بە کیشە سیاسییەکانی بەردەممان کە بەرئەنجامی راپەڕینی ئەم دواییەیە لە ئێران، چۆن بیر دەکەنەوە.

بۆ زانینی هۆگرییەکان و هەڵسوکەوتی سیاسیی بەشداربووەکان ئێمە سەرەتا ئەم پرسیارەمان کرد کە " لە کام بارودۆخدا ئەوان پێیان وا دەبێت کە مافەکانیان پارێزراو دەبێت". کەواتە لە دارشتنی پرسیارەکاندا ئێمە سیستەمێکمان دارشت کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی سیناریۆگەلی جیاوازی سیاسی دەخاتە روو، مافی هەڵبژاردنی سیستەمگەلی دیاریکراوی سیاسیشیان پێ بدات. بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە کەڵمان لە پرسیارگەلێکی چەند بژاردەیی کە بەشدار بوو دەشیا نمرە بە هەموو بژاردەکان بدەن کەڵکما وەرگرت. کەواتە ئەو دەرفەتەیان بۆ رەخسابوو کە بەپێی ئەوە هەر کام لەو سیستەمانە تا چ ئاستێک دەتوانن مافە تاکەکەسی و شارۆمەندییەکانیان بپارێزێت نمرە بە هەموویان بدەن، ئەگەرچی ئەم شێوازە لە رووی شیکارییەوە بۆ ئێمە قورسترە. ئەم شێوازە پێزێکی زیاتر دەدات بە داتاکان و لەچاو ئەو سیستەمە چەند بژاردەییە کە بەشداریکەر تەنیا مافی هەڵبژاردنی یەک بژاردەی هەیە، زیاتر شیاوی پشت پێبەستن دەبن. هاوکات ئەگەرچی ئەم شێوازەی گرتوومانەتە بەر بیرهێنەرەوەی سیستەمی هەڵبژاردنیش هەیە، بەڵام لەم سیستەمەدا دڵەڕاوکەی هەڵبژاردن بە رادەیەکی زۆر کەمتر دەبێت کە لە توێژینەوە ئەمڕۆژینەکانی جیهاندا خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ بەدەستهێنانی داتای راستەقینە. هەروەها ئەم شێوازە ئیمکانی پێوانەکردنی توخمگەلێکی وەک هاوشێوەیی، چەندجەمسەری بوونی بیروباوەڕە سیاسییەکان و ئاڵۆزییەکانی هەڵسوکەوتی سیاسی دەدات بە دەستمانەوە. ئەم سیستەمە ئیمکانی پێکگرتنی داتا کۆکراوەکان لە هەر سێک زمانەکانی راپرسییەکەدا بە رادەیەکی زۆر دەباتە سەرەوە و ئەمە لە شیکاریدا زۆر یارمەتیدەرە. ئەم پرسیارانەی دادێ، لەسەر بنەمای ئەو باسانەی سەرەوە گەلاڵە کراون.

ئەم پرسیارەی خوارەوە کرا:

هەرکام لەو بژاردانەی خوارەوە تا چ ئاستێک مافەکانی تۆ دابین دەکات. لە سفرەوە هەتا دە بە هەرکامێکیان نمرە بدە.

**تێکڕای مامناوەندی وەڵامی ئەو کەسانە کە راپرسییەکەیان بە زمانی کوردی وەڵام داوەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

| | Average |
|---|---|
| ١. دەوڵەت/حکومەتێکی کوردستانیی دیموکراتیکی سەربەخۆ بە هەموو تواناکانی دەوڵەتێکەوە. | 5.7 |
| ٢. حکوومەتێکی هەرێمیی دیموکراتیکی خودموختاری کوردی کە خاوەنی هێزی سەربازی، سیستەمی ئابووری و زمانی فەرمیی سەربەخۆ بێت وەک حکوومەتێکی خودموختار لەناو ئێراندا | 4.1 |
| ٣. دەوڵەتێکی دێموکراتیکی ئێرانی کە کورد و حیزبە کوردەکان بتوانن بەشداری تێدا بکەن. | 2.3 |
| ٤. هەر حکومەتێک جگە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران. | 1.6 |
| ٥. کۆماری ئیسلامی ئێران | 0.8 |

**تێکڕای مامناوەندی ئەو کەسانەی کە راپرسییەکەیان بە زمانی فارسی وەڵام داوەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

| | Average |
|---|---|
| ١. دەوڵەت/حکومەتێکی کوردستانیی دیموکراتیکی سەربەخۆ بە هەموو تواناکانی دەوڵەتێکەوە. | 2.4 |
| ٢. حکوومەتێکی هەرێمیی دیموکراتیکی خودموختاری کوردی کە خاوەنی هێزی سەربازی، سیستەمی ئابووری و زمانی فەرمیی سەربەخۆ بێت وەک حکوومەتێکی خودموختار لەناو ئێراندا | 2.4 |
| ٣. دەوڵەتێکی دێموکراتیکی ئێرانی کە کورد و حیزبە کوردەکان بتوانن بەشداری تێدا بکەن. | 2.2 |
| ٤. هەر حکومەتێک جگە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران. | 1.6 |
| ٥. کۆماری ئیسلامی ئێران | 1.0 |

**تێکڕای ئەو کەسانەی کە راپرسییەکەیان بە زمانی ئینگلیزی وەڵام داوەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

| | Average |
|---|---|
| ١. دەوڵەت/حکومەتێکی کوردستانیی دیموکراتیکی سەربەخۆ بە هەموو تواناکانی دەوڵەتێکەوە. | 1.3 |
| ٢. حکوومەتێکی هەرێمیی دیموکراتیکی خودموختاری کوردی کە خاوەنی هێزی سەربازی، سیستەمی ئابووری و زمانی فەرمیی سەربەخۆ بێت وەک حکوومەتێکی خودموختار لەناو ئێراندا | 1.3 |
| ٣. دەوڵەتێکی دێموکراتیکی ئێرانی کە کورد و حیزبە کوردەکان بتوانن بەشداری تێدا بکەن. | 1.1 |
| ٤. هەر حکومەتێک جگە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران. | 1.0 |
| ٥. کۆماری ئیسلامی ئێران | 1.0 |

ئەم ئامار و ژمارانە هەروەها پێمان دەڵێن لەنێو ئەو کەسانەدا کە راپرسییەکەیان بە زمانی کوردی پڕ کردۆتەوە جۆرێک هاودەنگی سەبارەت بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی هەیە. هەروەها لەنێو ئەواندا هاوشێوەییەکی زیاتر لە رەفتاری سیاسیدا دێتە بەر چاو. هەڵسەنگاندنی خشتەکان لەم گرووپەدا لە چاو گرووپی فارسی و ئینگلیزی پێدەچێ ئەو پرسیارە بێنێتە ئاراوە کە بۆچی لە فۆرمە ئینگلیزی و فارسییەکەدا تێکڕای ژمارەکان بۆ هەڵبژاردن نزمە؟

هۆکاری سەرەکیی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ مۆدێلی چەندجەمسەری و بیروباوەڕە تەواو دژبەیەکەکانە لەنێوان ئەو بەشداربووانەدا کە کەڵکیان لە زمانی فارسی و ئینگلیزی وەرگرتووە. ئەو بابەتە هۆکاری سەرەکی بووە لە پووچەڵ کردنەوەی هەڵبژاردنەکان و دابەزاندنی ئاستی مامناوەندەکان.

بەو حاڵەشەوە تەنانەت لەنێوان هۆگرییە زۆر دژبەرە سیاسی و جەمسەرییەکان لەو دوو بەشەدا دەبینین بژاردەی یەک و دوو لە ئاستێکی بەرزتردا پەسەند کراون. بۆ تێگەیشتنی باشتر لەم پرسیارە دەتوانین وەڵامی تەواوی بەشداربووەکان بدەینە بەر وردبوونەوە. ئەم کارە بە تێکەڵکردنی وەڵامەکانی تەواوی بەشداربووان  بە هەرسێک زمانەکە و تێکەڵکردنی تەواوی وەڵامەکان کە زۆرینەیان بە زمانی کوردیی سۆرانی بوون واتە ٢,٣٦ (کوردی سۆرانیٔ) بە یەک (فارسی+ئینگلیزی) جێبەجێ دەکرێت. ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:

٥,٧ بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی


٤,١ بۆ حکوومەتی خودموختاری کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا

٢,٣ بۆ دەوڵەتێکی دیموکراتیکی ئێرانی کە کورد و حیزبەکانیشی بتوانن تیایدا بەشداری بکەن.

لەم بەشەی ئامارەکەدا بێمتمانەییەکی گشتی بە هەر چەشنە حکوومەتێکی ئێرانی دەبینین کە جۆرێک لە سەربەخۆیی یان خودموختاریی بۆ کوردستان لەگەڵدا نەبێت. لەم بارەیەوە دەکرێ زۆر زیاتر باس بکرێت کە ئێمە دایدەنێین بۆ داهاتوویەکی نزیک. جیا لەوانەی کە باس کرا دەبینین کە بەشداربووەکان بە هیچ ئالترناتیڤێکی حکوومەتی ئێستا کە خواستەکانی ئەوان گەرەنتی نەکات رەزامەند نین. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەو نیازە قووڵەی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کوردستاندا بەتەواوی هەست پێدەکرێت بەڵام ئەو نیازە قووڵە لۆژیکی سیاسیی پەیوەندیدار بە خۆی هەیە.


لە باس و خواسە ئەمڕۆییەکانی پەیوەندیدار بە کۆلۆنیالیزم، روانگەی خەڵکی واقعی یان گریمانەیی کۆلۆنی کراو لە داڕشتن و بەرهەمهێنانی فام و تێگەیشتن لە پرسە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە زۆر پێویستە. هەر لەبەر ئەوە ئێمە پرسیارمان لە بەشداربووەکان کرد: ئێوە کوردستان بە وڵاتێکی داگیرکراو دەزانن؟

**٩٤,٥٪ی بەشداربووان کە بە زمانی کوردیی سۆرانی راپرسییەکەیان وەڵام داوەتەوە، وتوویانە: بەڵێ**





**وەڵامی بەشداربووەکان لە راپرسییە فارسییەکەدا کەمتر لێک دەچوون**

٦٧,٣٪ بەڵێ
١٨,٣ نەخێر
١٤,٤ بۆچوونێکم نییە




**وەڵامی بەشداربووەکان بە زمانی ئینگلیزی لە راپرسییەکەدا:**

٨١,٧٪ بەڵێ,
٩,٩٪ نا,
٨,٤٪ بۆچوونێکم نییە




ئەم بەشەی دادێ لە ڕاپرسییەکەدا دەپەرژێتە سەر ڕا و بۆچوونی بەشداربووەکان سەبارەت بە پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێمە بەدوای تێگەیشتنێکی زیاتر لە شرۆڤەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمەڕ ئەو بابەتانەوەین. زانینی ئەو بابەتانە یارمەتییەکی زۆر زیاتری ئێمە دەدات بۆ تێگەیشتن لە ئەکتەرە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناسیاریی فرەڕەهەندتر سەبارەت بە ئاڵەنگارییەکانی بەر دەممان بۆ شرۆڤە و شیکاری.


ئامارە و بارستاییەکانی بەر دەستتان پرسیارە گەلاڵە کراوەکان و ڕێژە سەتییەکان پێشان دەدات. ئێمە لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر و بە شرۆڤەگەلێکی قووڵترەوە دەپەرژێینە سەر ئەو باسە.

حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هێزی چەکداریان هەیە، بەڕای ئێوە دەبێ هێزەکانیان بخەنە ژێر فەرماندەییەکی هاوبەشەوە؟


**ڕاپرسیی سۆرانی** ٨٨,٦٪ بەڵێ، ٣,٨٪ نەخێر




**ڕاپرسییەکە بە زمانی فارسی** ٧٨,٢٪ بەڵێ، ٥,٥٪ نەخێر





**ڕاپرسییەکە بە زمانی ئینگلیزی**: ٨٥,٥٪ بەڵێ، ٣,١٪ نەخێر




لەگەڵ هاوپەیمانیی بەرفراوانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ بەرەوپێش بردنی خواستەکانی نەتەوەی کورد هاوڕایت؟ (هەڵبژێرن)


**ڕاپرسییەکە بە سۆرانی:** ٩٦,٥ بەڵێ




**ڕاپرسییەکە بە فارسی:** ٨٦,٧٪ بەڵێ، ٤,٤٪ نەخێر





**ڕاپرسییەکە بە ئینگلیزی:** ٨٨,٥٪ بەڵێ، ٢,٣٪ نەخێر




لەگەڵ هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ئەو هێزە سیاسییانەی کە کورد وەک نەتەوەیەک بە فەرمی ناناسن بەڵام نەیاری کۆماری ئیسلامین، هاوڕایت؟ (بە فەرمی ناسینی گرووپێکی مرۆیی وەک نەتەوە بەمانای بەفەرمی ناسینی مافی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و مافی خۆبڕیاردەریی (مافی چارەی خۆ نووسین)ی ئەوانە.


سۆرانی:




فارسی





ئینگلیزی




هاوڕایت لەگەڵ هاوپەیمانی یان یەکگرتنی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ پاشاییخوازەکاندا؟


**سۆرانی:** ٧٨,٦٪ نەخێر، ١٢,٤٪ بەڵێ




**فارسی** : ٦٧,٧٪ نەخێر، ١٧٪ بەڵێ





**ئینگلیزی** : ٧١٪ نەخێر، ١٦٪ بەڵێ




هاوڕایت لەگەڵ هاوپەیمانی یان یەکگرتنی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و مجاهدین خەلق دا؟


**سۆرانی**: ٧٣,٢٪ نەخێر، ٨,٨٪ بەڵێ




**فارسی** : ٧٨,١٪ نەخێر، ٦,٥٪ بەڵێ




**ئینگلیزی**: ٦٧,٩٪ نەخێر، ٩,٢٪ بەڵێ



تا چ ڕادەیەک ئۆپۆزسیۆنی فارسی/ئێران نوێنەرایەتیی داواکارییەکانی تۆ دەکەن؟

**سۆرانی**

Average

1.1

**فارسی**

Average

1.4

**ئینگلیزی**

Average

0.1

تا چ ئاستێک مێدیا تەلەڤیزیۆنییە فارسییەکان ڕووداوەکانی کوردستان و خواستەکانی کورد بەشێوەی ڕاستەقینە و دادپەروەرانە بڵاو دەکەنەوە؟

**سۆرانی**

Average

1.4

**فارسی**

Average

1.4

**ئینگلیزی**

Average

1.0

لەحاڵەتی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا، چەندە متمانەت بە هەرکام لەم هێزانە هەیە بۆ پاراستنی شار و گوندەکانی کوردستان؟ لە سفرەوە هەتا دە نمرەیان پێ بدە.

### سۆرانی

| | Average |
|---|---|
| ١. هێزی خۆبەخشی خەڵکی شار و گوندەکەی خۆم | 5.1 |
| ٢. هێزی پێشمەرگە | 5.1 |
| ٣. هێزی گەریلا | 3.8 |
| ٤. ئاشتیپارێزانی نەتەوە یەکگرتووەکان | 2.6 |
| ٥. هێزەکانی حکومەتی ناوەندی ئێران | 1.1 |

### فارسی

| | Average |
|---|---|
| ١. هێزی خۆبەخشی خەڵک لە شار یان گوندی خۆتەوە | 2.6 |
| ٢. هێزی پێشمەرگە | 2.4 |
| ٣. هێزی گەریلا | 2.1 |
| ٤. ئاشتیپارێزانی نەتەوە یەکگرتووەکان | 1.9 |
| ٥. هێزەکانی حکومەتی ناوەندی ئێران | 1.2 |

### ئینگلیزی

| | Average |
|---|---|
| ١. هێزی خۆبەخشی خەڵک لە شار یان گوندی خۆتەوە | 1.3 |
| ٢. هێزی پێشمەرگە | 1.3 |
| ٣. هێزی گەریلا | 1.1 |
| ٤. ئاشتیپارێزانی نەتەوە یەکگرتووەکان | 1.0 |
| ٥. هێزەکانی حکومەتی ناوەندی ئێران | 1.2 |

لێرەدا مۆدێلێکی هاوشێوەی پرسیاری چەند وەڵامی-نمرەیی و سلایدییەکەی پێشوو دەبینین. پارامێترەکانی بۆچوونگەلی دژ بەیەک و چەند جەمسەر لەنێو ئەوکەسانەدا کە بە فارسی و ئینگلیزی وەڵامیان داوەتەوە زیاترە.
بەو حاڵەشەوە پارامێتری متمانە بە هێزە ناوەندییەکانی ئێران زۆر نزمە. ئەم راستییە لەگەڵ وەڵامەکانی خەڵک بۆ پرسیاری | ئایا کوردستان بە وڵاتێکی داگیرکراو دەزانی؟"دا پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە. هەرچەند ئەوکەسانە کە بە فارسی و ئینگلیزی بەشدارییان کردووە بۆچوونی پێچەوانەیان لەسەر هێزە چەکدارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، بە رادەیەک کە نمرەکانی یەکتریان تا ئاستێکی زۆر پووچەڵ کردۆتەوە. هەر ئەمە خۆی بوو بە هۆی ئەوە کە تێکڕای مامناوەندیی هێزە چەکدارەکانی کوردستان هەتا ژێر سێ دابەزێت، بەڵام هەموان لە بێمتمانەیی بە هێزە ناوەندییەکانی هەر دەوڵەتێکی ناوەندیی ئێراندا هاوبەشن.
بە وتەیەکی تر یەکدەنگییەکی زیاتر لەنێوان ئەوکەسانەدا دەبینین کە بە کوردیی سۆرانی بەشدارییان کردووە کە ئەمەش هەر لە درێژەی ئەنجامەکانی پرسیارە چەند وەڵامیی نمرەیی و سلایدەرەکانی پێشوودایە. بە ئاوڕدانەوەیەک لە تەواوی بەشداربووەکان و بە کۆکردنەوەی هەموو زمانەکان کە زیاترین ژمارەیان بە زمانی کوردیی سۆرانی بووە بۆ هەر یەک کەسی (فارسی+ئینگلیزی)، ٢,٣٦ کەس بە سۆرانی وەڵامیان داوەتەوە.


**وەڵامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەچن:**

١. هێزە خۆبەخشەکانی خەڵکی شار یان گوندەکەی خۆم: تێکڕای ٥,٠٢
٢. هێزی پێشمەرگە: تێکڕای ٥,٠١
٣. هێزی گەریلا: تێکڕای ٣,٨
٤. ئاشتیپارێزانی نەتەوە یەکگرتووەکان: تێکڕای ٢,٥٤
٥. هێزەکانی حکومەتی ناوەندی: تێکڕای ١,١٩

بۆ تێگەیشتن لە ڕوانگەی بەشداربووان سەبارەت بە داهاتووی هێزە چەکدارەکانی کوردستان لە ئەگەری رووخانی حکوومەتی ئێران، ئەم پرسیارەمان کرد:


لە حاڵەتی دارمانی کۆماری ئیسلامیدا، داهاتووی هێزەکانی پێشمەرگە و گەریلا دەبێ چۆن بێت؟

**راپرسییەکە بە زمانی سۆرانی**





٪٧٨,٩ سوپای کوردستان
٪١٠,٩ هێزی ئاسایشی هەرێمی کوردستان (ئاسایش)
٪٥,٥ نازانم
٪٢,٢ هەڵوەشێنەوە
٪١,٨ تێکەڵ بن لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئێران
٪٠,٨ ببن بە پۆلیس

### ڕاپرسییەکە بە زمانی فارسی




٪٥١,٦ سوپای کوردستان
٪٢٣,٢ هێزی ئاسایشی هەرێمی کوردستان (ئاسایش)
٪٩,١ تێکەڵ بن لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئێران
٪٨,٤ نازانم
٪٣,٥ پۆلیس
٪٤,٣ هەڵوەشێنەوە

### ڕاپرسییەکە بە زمانی ئینگلیزی




٪٥٨,٨ سوپای کوردستان
٪٢٤,٤ هێزی ئاسایشی هەرێمی کوردستان (ئاسایش)
٪٤,٦ تێکەڵ بن لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئێران
٪٧,٦ نازانم
٪٣,١ پۆلیس
٪١,٥ هەڵوەشێنەوە